چوارچێوەی هەماهەنگی سەرخۆشی لە مەرجەعی باڵای ئایینی سەید عەلی سیستانی بە کۆچی دوایی براکەی دەکات

چوارچێوەی هەماهەنگی، ئەمڕۆ هەینی، سەرخۆشی خۆی ئاراستەی مەرجەعی باڵای ئایینی سەید عەلی سیستانی کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی براکێیەوە.

لە راگەیەندراوێکی چوارچێوەی هەماهەنگیدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، هاتووە: "چوارچێوەی هەماهەنگی قووڵترین سەرخۆشی و هاستگیانەترین هاوخەمی ئاراستەی جەنابی مەرجەعی باڵای ئایینی ئایەتوڵڵا عوزما سەید عەلی حوسەینی سیستانی (خوا بیپارێزێت) دەکات، بەبۆنەی کۆچی دوایی براکەی، زانای پایەبەرز ئایەتوڵڵا سەید هادی حوسەینی سیستانی (خوا لێی خۆش بێت)."

راگەیەندراوەکەی ئەوەیش تێیدا هاتووە: "کۆچکردوو نموونەی زانایەکی کارامە بوو، تەمەنی خۆی بە خزمەتی ئایین و زانست تەرخان کرد، چەندین قوتابی و کەسایەتی دیار لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتن، هەروەها بە بەخششە زانستییە پتەوەکانی بەشدار بوو لە دەوڵەمەندکردنی حەوزەی زانستی و چەسپاندنی بەهاکانی میانڕەوی و پابەندبوون، بەمەش کاروانێکی پڕ لە چاکە و شوێنپەنجەیەکی چەسپاوی لە ناوەندە ئایینی و زانستییەکاندا بەجێهێشت."

لەو کەتایی راگەیەندراوەکە ئەوەیش هاتووە : "سەرخۆشی لە جەنابی مەرجەعی باڵا و هەردوو کوڕە بەڕێزەکەی و کەسوکاری کۆچکردوو و دەستانی دەکەین، لە خودای باڵادەست داواکارین کۆچکردوو بە

باوەشی ڕەحمەتی خۆی بگرێت و لە بەهەشتی بەریندا نیشتەجێی بکات، و سەبووری و دڵنەوایی بە جێنابی مەرجەع و بنەماڵە بەڕێزەکەی ببەخشێت."